# (( ڕێکەوتنی ستراتیژی پارتی و یەکێتی و تێڕوانینێك ))

حوسێن ئیسماعیل خان دەلۆ
husin966@yahoo.com

ەماشای مێژووی کورد بکەین هەر لە شەڕی چالدێرانەوە کە بەشێکی مێژوو نوسان رایان وایە مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورد لەو شەڕەوە دەستی پێکردووە ، چونکە دەروازەیەك بوو بۆ چوونە قۆناغێکی نوێ و وەرچەرخانێکی نوێ بوو کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1514 زاینی ، ڕۆڵی مەلا ئدریسی بەدلیسی وەکو سیاسەتوان و کەسایەتیەکی ئەو سەردەمە لە یەکخستنەوەی و هاو هەڵوێستی میرنشینە کوردییەکاندا دیارو بەرچاوە بۆ ئەوەی هێزێکی تۆکمە و یەکگرتوو درووست بکات تاکو لە سایەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بە گژ دەوڵەتی سەفەویدا بچنەوە و ناوچە کوردییەکان لە دەسەڵاتی قزڵباشییەکانی سەفەوییەکان ڕزگار و ئازاد بکەن ، پاشتر لە ساڵی 1516 شەڕی قەرە حەسار ئەو دەنگەی زوڵاڵتر و کارامە تر کرد بۆ سەرکەوتن و تاوکو شاری تەورێز هێزەکانی سەفەویان کێو بە کێو و دۆڵ بە دۆڵ هەڵبڕی و سەرکەوتنێکی گەورەیان لە مێژوودا تۆمار کرد ، سەرچاوە مێژووییەکان تاکو ئێستا کۆك نین سەبارەت بە ژمارەی میرنشینە کوردییەکان لەو کات و سەردەمەدا کەمترین ژمارەیان دەست نیشان کرابێ لە سەرووی 37 میرنشینی کوردیەوەیە ئەو سەرکەوتنانە ئەگەر بە دیدی ئەو ڕۆژە تەماشا بکرێت سەنگ و قورسایی خۆی هەیە لەلای یارو نەیارانی کورد ، ئەو راستیەی ئاشکرا کرد کورد یەك دەنگ و یەك هێز و یەك توانا و یەك سەنگەر بێت دەتوانێت دوژمنەکانی بشکێنێت و سەرکەوتن زامن ومسۆگەر بکات ئەگەر دوژمنەکەی زەبەلاح و بەهێز و پڕ چەکیش بێت ، لەو مێژووە وە تاکو رۆژگاری ئەمڕۆ میللەتی کورد باجی یەك نەگرتن و پەرتەوازەیی و دووبەرەکی و ناتەبای دەدات هەرچەندە و لە هەندێ کاتدا یەك هەڵوێستی و هاودەنگی بووە لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا سەبارەت بەدۆزی نەتەوایەتی کورد ئەمەش دەسکەوتی نایاب و مەزنی لێکەوتوەتەوە بەڵام ئەو یەك دەنگییە نەیتوانییەوە تاکو سەر هەتەر بکات و پایە و رەگەکانی خۆی دابکوتێت و بۆ هەمیشە میکانیزمی کار کردنی هێزە سیاسی و دەسەڵاتە خۆماڵیەکان بێت و پەرە بەو یەك هێزیە بدات بۆیە حاڵمان گەیشتۆتە ئەم ڕۆژە کە دەبینین گەورەترین نەتەوەی سەر رووی زەوی تاکو ئێستا کیانی سیاسی و قەوارەی نێودەوڵەتی نەبێت میللەتی کوردە و بووتە پاشکۆی نەتەوە و دەوڵەتانی دیکەی سەردەستەی کوردستان ، ئەمە قسە و باسێکی زۆر هەڵدەگرێ .

دوای بەهاری ساڵی 1991 وە دەرفەت و دەروازەیەك لەبەردەم باشووری کوردستاندا واز و واڵا بوو کە لەماوەی ئەو چەند ساڵەی رابردوودا هێزە سیاسیەکانی کوردستان بە کۆمەڵێك قۆناغ و گۆڕانکاریدا و هەوراز و نەشێودا تێپەڕیووە هەر لە پرۆسەی هەڵبژاردن چێکردنی ئەنجومەنی نیشتمانی و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان تاکو دەگاتە شەڕی نەگریسی ناوخۆ و پێکدادانی شەڕی چەکدارانەی خۆکوژی ، ئێستا هەموو لایەك گەیشتوونەتە ئەو بڕاو و قەناعەتەی کە ئەوەی بەتەبایی و هاو هەڵوێستی و یەك ریزی بەدەست دێت مەحاڵە بە هەرکیٚ بۆخۆی و جودایی و ناتەبایی بەدەست بێت ، ئەوەی هەیە و بەدەست هاتووە لە دیار بوونی دەنگ و ڕەنگی کورد تاکو دەگاتە پۆستە سەروەری و سیادیەکانی لە عێراقدا بەرهەمی ئەو یەکبوونەیە کە لەپاش ئۆپراسیۆنی ئازادی عێراق بار و شێوەیەکی کارا و جدی تری گرتووە خۆ ، ئەمە هەق وایە هەموو کوردێك کە هەستی نەتەوایەتی هەبێت دڵی بە یەك ڕیزی و تەبای و برایەتی هێزە سیاسیەکانی کۆمەڵگای کوردی خۆش بێت بەڵام وەك دەبینین لە دانیشتنێکی نێوان سەرکردایەتی پارتی و یەکێتیدا کە بەر لەچەند هەفتەیەك لە هاوینە هەواری دوکان ئەنجامدرا ڕێکەوتنی نێوان ئەو دوو حزبە زلهێزەی کوردستان بەرەو ئاراستەیەك دەچێت کە لە هەڵبژاردنەکاندا بۆ (4-3) خولی دیکە بەیەك لیست و پێکەوە دابەزن بەرهەمی ئەو کۆبوونەوانە لە رۆژی 27 / 7 / 2007 لە کۆبوونەوەیەکی لوتکەی نێوان سەرۆکەکانی هەردوو لادا لە هاوینە هەواری پیرمام گەیشتە ئاکام ، ئەمەش مەغزا و ڕەهەندی خۆی هەیە وەلێ ئەوەی تاکو ڕادەیە خەڵکی کۆمەڵگای کوردی نیگەران کردووە ئەویە :

ها ئەو ڕێکەتنە لە نێوان هەردوو حیزبی خاوەن دەسەڵات دایە و ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پاوەن و قۆرخ کردنی دەسەڵاتە و بنکەی فراوان نەبووەتەوە لایەنەکانی تری گۆڕەپانی سیاسی کوردستان فەرامۆش کراون ، ئەمەش مقومقۆی لەناو پارت و رێکخراو و لایەینەکانی تردا دروست کردووە ، بە دیدی من رەنگە پەرچە کردارێك لای ئەوان دروست بکات بەتایبەت لەم ئان و ساتانەدا نەیارانی کورد دەیانەوێت دەست بخەنە ناو کوردستانەوە و تاکە کوردێکیش بێت بیکەنە دۆستی خۆیان و دوژمنایەتی دەستکەوتەکانی گەلی کوردی پێبکەن ، چونکە لەکاتێکدا هەردوو حزبی زلهێز جۆر نەبن حیسابی حزبە کانی دیکەن لە پێشە و ئیعتباری زیاد لە قەوارەی خۆیان بۆ

دەكرێت و بەشە پشكی زۆریان بۆ دادەنرێت .

اتێك ئەو دوو حزبە ڕێككەوتن لە نێوانیاندا هەبێت تاكو ڕادەیەك ڕۆڵی كۆمەڵگا و كەسە پرۆفیشناڵ و تەكنۆكرات و بەتواناكان فەرامۆش دەكەن لە كایەكانی بەڕێوەبردندا ، بایەخ بە خزمەت گوزاری و ئاوەدانكردنەوە وەكو پێویست نادەدەن و منەتیان بەخەڵكی نیە ، ئەمەش دەبێتە مایەی نارەزای جەماوەری كوردستان .

دێك لە شار و شارۆچكەكانی كوردستان دەكەونە پەراوێزی سەردانی بەرپرسان و كەمتر ئاوڕیان لێدەدرێتەوە و گوێ لە داخوازیەكانی خەڵكی هەندێك دەڤەرو ناوچەی پەراوێز خراو ناگیرێت .

ەتای دامەزراندنی پەرلەمان و حكومەت لە هەرێمی كوردستاندا یەكێتی و پارتی برا بەشیان كرد و نیوە بە نیوە و هیچ لایەك زەرەیەك لەوی تر زیاتری نەبوو ، دەرئەنجامی ئەوەش شەڕی ماڵوێرانكەری ناوخۆی لێكەوتەوە دونیاك ناكۆكی و درز و كەلەبەری خستە نێو ریزەكانی كۆمەڵگای كوردیەوە ، ئەوەی بە یەك دوو ساڵ روویدا بە یەك دوو دەهە ناگەڕێتەوە بۆ دۆخی ئاسای و سروشتی خۆی ، ئێستاش ئەم برابەشە خەڵكی مەزەندەی ئەوەی لێدەكات دواخستنی شەڕ بێت ئەگینا با لایەك رازی بێت ئەوی تر یەكەم بێت یان خولێك تاكو هەڵبژاردنێكی تر ئەوی تر فەرمانڕەوای بكات دام و دەزگاكان و وزارەتەكان بە مشار دابەش نەكرێن ، ئەقڵیەتی سەردەمی بەرەی كوردستانی لە دابەش كردنی داهات و گومركدا كە هەر لایەك لەو دووانە 35٪ دەبرد تاكو ئێستاش میكانیزمی دابەش كردن لە تەواوی كایە سیاسی و ئابوری و كارگێڕیەكاندا بە هەمان ئاقار و ئاراستەدا دەچێت . دەبێت رێكەوتنە ستراتیژیەكەی نێوان هەر دوو لا بە مەرام و نێەتی ئەوەبێت گۆڕانێك لە سایكۆلۆژیەتی بەڕێوە بردنی ئەم هەرێم لەسەر بنەمای تۆخ كردنی پرنسیپەكانی دیمۆكراسی بێت ، هەڵدان بۆ خولقاندنی گیانێكی وەرزشكارانە و بڕوا هێنان بەوەی كە سەركەوتن و ژێركەوتن لە هەڵبژاردنەكاندا وەكو یەك بەشێكن لە دونیای سیاسەت .